



# دێرەلوک..
# هاووڵاتیان داوای ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانیان دەکەن






**هاووڵاتیانی دێرەلوك پێیان وایە ناحیەکەیان لەڕووی پرۆژەکانی شارەوانی و پەروەردەو تەندروستیەوە پێویستیان بەئاوڕلێدانەوە هەیە، بەڕێوەبەری ناحیەش وێڕای ئەوەی بەراشکاوانە ئاماژەی بەکەموکوڕی و ئەو پێداویستیانە کرد کە دێرەلوك و کۆمەڵگای شێلادزێ پێویستێتی؛ هاوکات باسی لەژمارەیەك پرۆژە کرد کە لەدوای تەواوبوونیان رۆڵی بەرچاویان دەبێت لەکەمکردنەوەی ئەو کەموکوڕییانە.**







ناحیەی دێرەلوك کە ٥٢ هەزار کەس تێیدا نیشتەجێیە هەردوو کۆمەڵگای شێلادزێ و سیرێ لەخۆدەگرێت، شەقام و کۆڵانەکانی پێویستی بەقیرتاوکردن و هەڵمەتێکی چاککردن و رێکخستن هەیە، تەنانەت شەقامی سەرەکی دێرەلوك کە ماوەیەکە بەمەبەستی بەجووت سایدکردنی تێکدراوە جێبەجێکردنی پرۆژەکەش دواکەوتووە، هاووڵاتی مەسعود محەمەد لە لێدوانێکیدا بۆ گۆڤارەکەمان سەبارەت بەم پرۆژەیە وتی: ماوەیەکی زۆرە ئەم پرۆژەیە کەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوەو بووەتە هۆی تێکچوونی سیمای جوانی ناحیەکەمان و گرفتی هاتوچۆشی بۆ رێبواران دروست کردووە، ئەم هاووڵاتییە داوای لەلایەنە پێوەندارەکان کرد هەڵمەتێکی قیرتاوکردن و چاککردنی شەقامەکان لەدێرەلوك ئەنجام بدەن. لەلایەکی ترەوە گرفتی نەبوونی نەخۆشخانەو خراپی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان لەریزبەندی یەکەمی ئەو داواکارییانە دادەنرێت کە هاووڵاتیانی دێرەلوك داوای دەکەن، هاووڵاتی حاجی مووسا لەناو سەنتەری ناحیەکە باسی لەبچووکی بنکەی تەندروستی ناحیەکەیانی کردوو پێی وابوو(بە بێ دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی قەرەوێڵەیی مومکین نییە ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان باش بکرێت، چونکە بە وتەی ئەو هاووڵاتییە خەڵکی لەدێرەلوك بۆ زۆربەی چارەسەرو پشکنینەکان روو لەنەخۆشخانەکانی سەنتەری قەزای ئامێدی و دهۆك دەکەن). سەبارەت بەکێشەی کەرتی پەروەردەش هاووڵاتی رۆژهات مەجید لە گەڕەکی ئازادی ئاماژەی بەوەدا بینایەی قوتابخانەکان شێوازی کۆن و بەر تەسکن، ئەمە جگە لەوەی بەپێی پێویست گرنگی بە بواری وەرزش و سەنتەری لاوان



## نەبوونی نەخۆشخانە خەڵکی دێرەلۆکی ناچارکردووە بۆ پشکنین و چارەسەری نەخۆشەکانیان روو لەئامێدی و دهۆک بکەن

نەدراوە، هاوکات تا ئێستا باخچەیەکی ساوایان لەدێرەلوکدا نییە. دێرەلوك وەکو زۆربەی قەزاو ناحیەکانی تری کوردستان هێشتا کێشەی تاپۆکردنی خانووەکانیان هەیە، هاووڵاتی ئەحمەد حوسێن لەگەڕەکی سەردەشت لەڕێگای گۆڤارەکەمانەوە داوای لەلایەنە پێوەندارەکان کرد چی تر ئەم کێشەیە پشتگوێ نەخرێت و بەزووترین کات خانووەکانیان بۆ تاپۆ بکرێت، هەروەها باسی لە خراپی کارەباو نزمی ڤۆڵتیەی کارەباکەیانی کرد. لەدرێژەی بەسەرکردنەوەکەمان بۆ دەڤەری دێرەلوك سەردانی کۆمەڵگای شێلادزێمان کرد کە ناوچەیەکی باراناوییەو دانیشتوانەکەی بەبەردەوام لە زستاندا رووبەڕووی لافاو دەبنەوە، لەم کۆمەڵگایەش داواکاری زۆر هەبوو. بۆ نموونە هێرش مامەند سەبارەت بەپرۆژەکانی شارەوانی و گرفتی قوتابخانەکانیان گلەیی لەحکومەت هەبوو کە بیناکان بچوك و کۆنن. سەبارەت بەخراپی پرۆژەی ئاوی خواردنەوەش هاووڵاتییەکی دیکە لە شێلادزی داوای گۆڕینی تۆڕی ئاوی خواردنەوەی کۆمەڵگاکەیان کرد. محەمەد کەریمیش باسی لە خراپی بارودۆخی ژیانی کەمپی ئاوارەکانی دێرەلوکی کرد، کە تا ئێستا ژمارەیەك لەو ئاوارانە لەژێر خێوەتگان و لەزۆربەی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بێ بەشن.

ئەوەی لەم راپۆرتەدا لەدەڤەری دێرەلوك زۆر جێگای سەرنجمان بوو ئاوەدان نەکردنەوەی زۆربەی ئەو گوندانەی سەر سنوور بوو کە لە ١٤٠گوند تەنیا ١٩ گوندی ئاوەدانکراونەتەوە، ئەمەش بۆ کێشەی ئەمنی سەرسنوور لەگەڵ تورکیاو بوونی کێڵگەیەکی زۆری مین دەگەڕێتەوە، ئێستا هاووڵاتیان داوا لەحکومەتی هەرێم دەکەن بارودۆخەکە لەو ناوچانە ئارام بکرێتەوە تاوەکو بتوانن سوود لەزەوی و گوندەکانیان وەربگرن. بەهمەن ئەحمەد بەڕیوەبەری ناحیەی دێرەلوکیش ئەمەی پشت ڕاست کردەوە و پێی راگەیاندین کە بەهۆی بوونی ئەو کێشەیەو زۆری کیڵگەکانی مینەوە نەتوانراوە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بگەیەنینە ئەو گوندانە، هەربۆیە زۆربەی ئەو گوندانە ئاوەدان نەکراونەتەوە.

## خانووەکانی دێرەلوک تاپۆیان نییە

## شێلادزێ گرفتی ئاوی خواردنەوەی هەیە



بەهمەن ئەحمەد بەڕێوەبەری ناحیەی دێرەلوک بۆ (گوڵان):

# زێدەڕۆیی و کێڵگەکانی مین ئاستەنگن لەبەردەم جێبەجێکردنی پرۆژەکان



**سەبارەت بە گلەیی و داواکاری خەڵکی دێرەلۆك و کۆمەڵگای شێلادزێ چەند پرسیارێکمان ئاراستەی (بەهمەن ئەحمەد) بەڕێوەبەری ناحیەی دێرەلوك کرد، کە پووختەی قسەکانی لەم راپۆرتەدا دەخەینەڕوو..**

**تۆڕی ئاوی دێرەلۆک و هەردوو کۆمەڵگای شێلادزێ و سیرێ نۆژەن دەکرێتەوە**

هەروەها بەجووت سایدکردنی شەقامی سەرەکی دێرەلۆك پرۆژەیەکی گرنگە بۆ ڕێکخستن و چاککردنی دیزاینی ناحیەکەمان، دواکەوتنی جێبەجێکردنی پرۆژەکەش بۆ هاتنی وەرزی زستان و ئەو زێدەڕۆییانە دەگەڕێتەوە کە پێشتر کاتێك ناحیەکەمان کۆمەڵگا بووەو تێیدا ڕەچاوی دیزاینی شارەوانی نەکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا توانرا زۆربەی دوکانەکان هەڵبگیرین و خاوەنەکانیشیان ناونووسکراون بەپێی یاسا و ڕێنمایی قەرەبوو دەکرێنەوە. هەر بەهۆی ڕەچاونەکردنی دیزاینی شارەوانییەوە نەتوانراوە پرۆسەی تاپۆکردنی زۆر لەو خانووانەی بێ تاپۆن جێبەجێ بکرێت، چونکە زۆربەی خانووەکان سەنەدی تاپۆیان نییە، تا ئێستاش لیژنەی کوژاندنەوەی زەویش نەگەیشتۆتە سنوورەکەی ئێمە، لەبەر ئەو کێشانە ئاستەنگمان زۆرە لە جێبەجێکردنی پرۆژەدا بەتایبەتی لە دروستکردنی ڕێگاوبان و کۆڵان و شەقامی سنووری شارەوانییەکاندا، بەڵام ئێمە بەپێی پلانێکی خۆمان وەکو یەکەی کارگێڕی ناحیەکە و قایمقامیەت و پارێزگاری دهۆك توانیومانە کێشەی زێدەڕۆییەکان چارەسەر بکەین. ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەکی گرنگ کە لەبواری چاککردن و قیرتاوکردن و دروستکردنی شۆستەی کۆڵانەکانی هەندێك لەگەڕەکەکانی سەنتەری ناحیەو کۆمەڵگای شێلادزێ ڕەزامەندی لەسەر دراوەو بەمنزیکانە دەچنە بواری جێبەجێکردنەوە. لەرووی ئاوی خواردنەوەشەوە کەکێشەمان هەیە و بەتانکەر ئاو بۆ زۆربەی شوێنەکان دابەش دەکەین، فەرمانگەی ئاوی ئامێدی بەرنامەیەکی تێروتەسەلی بۆ نۆژەنکردنەوە و چاککردنی تۆڕی ئاوی سەنتەری ناحیەو هەر دوو کۆمەڵگا داڕێشتووە، هەروەها بەتەواوبوونی پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەی دێرەلوك کێشەی ئاوی خواردنەوەی ناحیەکەمان نامێنێت، ئێستا کێشەی ئاوی خواردنەوەمان لە هەردوو کەمپی ئاوارەکانی کۆمەڵگای شێلادزی هەیە، حکومەت و لایەنی پێوەندار کار بۆ ئەوە دەکەن هەر خێزانێك لەو کەمپە تازەیەدا وەکو کەمپەکەی دیکە پارچەك زەوی و بڕە پارەیەکیان پێ بدات. لەرووی کۆکردنەوەو چارەسەرکردنی زبلۆخاشاکیشەوە کێشەو کەموکوڕی زۆرمان هەیە لەبەر ئەوەی ئامێرەکانی پاککردنەوە و هەڵگرتنەوە زبڵوخاشاك و کرێکارمان زۆر کەمە.

لەلایەکی ترەوە مەسەلەی ئاوەدان نەکردنەوەی زۆربەی گوندە سنوورییەکانمان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو گوندانە بارودۆخی ئەمنیان تەواو نییە، گەرچی چەندین جار خەڵکەکەی ئەو گوندانە داوایان کردووە کە گوندەکانیان ئاوەدان بکەنەوە، بەڵام نەتوانراوە داخوازییە ڕەواکانی خەڵکەکە جێبەجێ بکەین، هاوکات دەبێت کارو پڕۆژە خزمەتگوزاریی بۆ گوندەکان ئەنجام بدرێت، بەڵام بەهۆی مەترسی بۆردوومان و کێڵگەی مینەوە نەتوانراوە ئەم کارە بکەین. زۆربەی ناوچەو سنوورەکە مینی تێدا هەیە و ژمارەکەش زۆرە نەتوانراوە دەست نیشان بکرێت بە تایبەتی لە سنووری گوندە سنوورییەکان، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی ئاوەدان نەکردنەوەی ئەو هەموو ژمارە گوندەی سنوورەکەمانە. دانەبەزاندنی دەسەڵاتەکان بۆ خوارەوە ئاستەنگێکی ترە بۆ بەشداری نەکردنی خێراو ڕاستەوخۆ لەئاوەدانکردنەوەو چارەسەرکردنی گرفتەکان بەرادەیەك ئێمە لەتوانامان‌دا نییە ڕاستەوخۆ ئامێرێك بۆ شارەوانییەکانمان بکڕین کە بۆ بەڕێوەچوونی کارەکان پێویستە، هەربۆیە جێبەجێکردنی بڕیاری دابەزاندنی دەسەڵاتەکان پێویستە ئاوڕی لێبدرێتەوە.

سەبارەت بە هەردوو کەرتی پەروەردەو تەندروستی دەمەوێت ئاماژە بەوەبکەم زۆربەی ئەو قوتابخانانەی لەم سنوورەدا هەیە بیناکانیان بچوکن و شەش پۆلین، هەربۆیە کێشەی کۆنی بینایەی قوتابخانەکانمان هەیە، هەر چەندە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو لە ناو سەنتەری ناحیەو هەر دوو کۆمەڵگادا چەند قوتابخانەیەك لەسەر شێوازی تازە دروستکراون، بەڵام ئەو قوتابخانانەش بەپێی ژمارەو پێویستی سنوورەکە نییە، لەلایەکی دیکەوە کێشەی میلاکاتی مامۆستاشمان هەیە. لەرووی کەرتی تەندروستیشەوە خواست و داواکاریمان ئەوەیە نەخۆشخانەیەکی قەرەوێڵەیی هاوچەرخمان بۆ دروست بکەن، هەروەها سنوورەکەمان پێویستی بە پزیشکی ئافرەتان و لەدایکبوون و پسپۆڕ هەیە.

**بەنداوی (دێرەلۆک – رەشاوە) بەیەکێک لەو پرۆژە ستراتیژیانە دادەنرێت لەسنووری ناحیەکە بنیاد دەنرێت**

هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان بەنیازە پرۆژەیەکی ستراتیژی گەورە لەسنوورەکەمان ئەنجام بدات ئەویش بنیادنانی بەنداوی (دێرەلۆك- ڕەشاوە)یە کە جگە لەوەی ڕۆڵی لەبوژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ هەیە هاوکات بۆ سوود وەرگرتن بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەباش گرنگە، هەربۆیە پێویستە وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری لە ئێستاوە بەرنامەی بۆ ئەم ناوچەیە هەبێت و هەوڵی دانانی ئەو کارگە قوتووبەندەش بدات کە ماوەیەکە داوامانکردووە لەسنوورەکەدا دابمەزرێت.